www.kurdistannet.org

30-5-2006 0:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تەقینەوە یان تەقاندنەوەی ئێرانی ئەتۆمی؟ ... محەمەدی کەریمی - ڕۆژنامەنووسی سەر بەخۆ**



پرۆژەی بۆمبی ئەتۆمی ئێران، پێتەختی هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی جیهانی خستووتە ناو بەحری هەڕەشە و مەترسییەوە. بۆچی؟ هەر لە مەر ئەوەی چەکداربوونی حکومەتێکی ئیسلامخوازی بە هەیبەت وەک تاران، شەڕی کلتورەکان دێنێتە ئاراوە. شەڕێک کە لە بەردەم جیهان و بەتایبەتی لە ئاست جیهانی مرۆڤایەتیدا هیلانەی چی کردووە و هەموو بیرەڤانانی روناکبیریش پێیان وایە کە کات قولە ڕەشێکی کپ و مات و بێدەنگە و.... .. وەک دیارە و لە بەرچاوان، وادە و کاتی ئەم شەڕە پڕ لە مەترسییە، هەردەم لە تەسکبوونەوە و نزیکبوونەوەدایە.

گەر سەرنجمان بۆ لای وڵاتانی موسولمان ڕابکێشین دەبیینین کە دانیشتووکانی ئەم وڵاتانە، زۆر بە گەرمی پشتگیری لە ئیسلام دەکەن. هەڵبژاردنەکانی یەک لە دوای یەک و سەرکەوتنی هێزە ئیسلامییەکان، بەڵگەیەکی مێژوویی زیندوون. حەماس لە فەلەستین و شیعەکان لە عێراق و هەڵبژاردنی ئەحمەدینیژاد لە ئێرانیش ئەم ڕاستییەی رووکرد کە ڕێ ڕەوانی خومەینی و گشت ئەوانەی لایەنگری ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامین، هێشتەکەیش خاوەنی هێز و دەسەڵاتی سەرەکین لە ساحەی گشتی ئێراندا.

هاواری سەرۆککۆماری ئێران، بە دەنگێکی زۆر بەرز و لۆ سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر رووی زەوی و بۆ هەتاهەتایە، لە واقیعدا دەربڕینی هەمان ئاوات و هیوایەکە کە زۆر لە گەلی عارەب بە گشتی لە ناو دڵیاندا حەشاریان داوە و ناوێرن بیدرکێنن.... ... بەمجۆریە کە سەرۆککۆماری ئێران دەچێتە ریزی هەرە پێشەوەی پێشقەڕەوڵەکانی جیهانی ئیسلامخوازەکان لە شەڕی سەلیبیدا، هەر بۆیەیشە کە بۆمبی ئەتۆمی وەک پێویستییەک و نیازێکی گرنگ بۆ تارانی ڕێبەری موستەزعەفانی عالەم و بۆ سەرۆککۆمارە تازەکەی خۆی دەنوێنێت.

ڕۆژئاواییەکان بەگشتی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نین کە کۆماری ئیسلامی پەرە بستێنێت. ئەوان لەوە ناترسێن کە ئێران دەبێتە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی و دەتوانێت کەڵکی لێوەرگرێت، چونکە هەم ئەمریکا و هەمیش ئیسرائیل ئەوەندەیان وزە و توانایی لە جانتادایە کە پێگە ئەتۆمییەکانی ئەم وڵاتەی پێ لە ناوبەرن، بەڵام ئەو مەترسییە هەڕەشە لە ڕۆژئاواییەکان دەکات کە ئێران دەستکەوتە ئەتۆمییەکانی بنێتە ناو چەچ و قوولی ئەم و ئەو وڵاتی دیکەی ئیسلامی و.... .... ، هەر وایش دەکات، گەر هاتوو لەگەڵی هەڵ نەکەن.

خودی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئیران بە ڕاشکاوی ئەم ڕاستییەی بەیان کردووە و سەرۆککۆماری ئێرانیش لە سەر سەکۆی بڵیندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانەوە بە گوێ جیهان و وڵاتانی دواکەوتەی دادا، هەر بە گیزەی میکرۆفۆنەکەی **un**.

لە دوای 25 ساڵ بەربەرەکانێ و شەڕی ناڕاستە وخۆ ئێستەکە و ئێران و ئەمریکا بەرەورووی یەکتری بوونەتەوە. دەوراندەوری یەکتریان تنیوەتەوە بە تەنوری ئامادە و ئاگری سوتێنەری هێشتەکە نادیار.

ئایە سەرئەنجام گیروگرفتەکانی نێوان جیهانی ئیسلام و شەیتانی گەورە بە شەڕ کۆتایی دێت یان بە دیالۆگ و ئاشتی.... .. ئایەندەیەکی نزیک بە گشتی و چارەنووسی عێڕاقی هیوا و ئاشتی، بەتایبەت وڵامی گشت ئەم پرسیارە پڕ لە مەترسییانە دەداتەوە.

ئەمریکا لە سەر سێ ڕێیانی شەڕ و ئاشتی یان پاڵپشتی لە بەرپاکردنی ئازادی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە ماوەتەوە و ئێرانیش بەرەورووی گشت کەند و کۆسپەکانی تەمەنی ڕابردووی بووتەوە چ لە ناوخۆ، چ لە دەرەوە.

پڕیشکەی ئاگری سوتینەری تێکڕا و پێکڕای ئەم ئەگەر و مەگەرانە، هەموو بە گشتی و لە هەر شوێنێکەوە بێت کورد دەگرێتەوە. پرسیار ئەوەیە کە ئایە کورد پڕۆژەی ئامادەی هەیە لە ئاست هەر کام لەم تەگەرانە. ؟

گەر شەڕ روو بدات، شەڕەکە دەبێتە جەنگی جیهانی سەلیبی و بە بێگومان ئەم شەڕە جیهان بەرەو ئاڵوزییەکی فرەوان و دنیا بۆ شوێنێکی نادیاری دەبات، شەڕێک کە بەم زووانە کوژانەوەی بۆ نییە و.... . شەڕێکە پڕ لە مەترسی کە هیچ سنورێک ناناسێت. ڕۆژئاواییەکان زۆر باش لەم ڕاستییە دەگەن و هەر بۆیە لە تەقاندنەوە تۆقیون و هەموو هەوڵێکیان بۆ تەقینەوەی خەڵکی ناوخۆی ئێران وەگەڕ خستووە.

لە ئیسلامدا شەر بەرەکەتێکی ئاسمانییە و هەر بۆیە ئێران لە مێژە خۆی ئامادە دەکات و ئەحمەدی نیژاد نوێنەری هەڵبژاردە و پشتیوانی ئەو جبهەیەیە کە لە یەکەم رۆژی دامەزراندنی کۆمارەوە پاسەوان و پاسداری ڕاستەقینەی کۆمار و حکومەتی سەرەکی پشت پەردەی هەموو سەردەمی تەمەنی کۆماری ئیسلامیش بوون (حکومەتی نەدیار لە ناو دەوڵەتی دیار) دا.

کورد دەکەوێتە ناوەندی ئەم شەڕەوە و بە دستی خۆیشی نییە. بەڵام دەبێت زۆر باش بزانێت، کە چارەی ئەمڕۆ و بەسەرهاتی داهاتوویش لە گرەوی هەڵوێستی ڕاست و دروستدایە، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بێت تەقینەوەی جۆش و خرۆشی خەڵکی باشترە لە تەقاندنەوەی ئێران و ڕۆژهەڵات و جیهان.

با گشت لایەک و ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی بە تایبەتی و بەگشتی باش بزانن کە خەڵکی بێچارە و هەژار و کەمدەرئامەد و برسی هێند لە زیادەبووندان، کە زۆرجار و تەنانەت لە زۆر شوێنی ئێران پاروە نانێکی ناکەس، زۆر کەسی کردووتە برسی و برسییەتی و تەنگدەستی و ژێردەستی.... . !؟ ئـــەوەیە مەترسی و هەڕەشەی ئەساسی. پرسیارێکە و لەوانەی کە بە خۆیان ئێژن سیاسی.

برسی کردنی خەڵکی تەنیا بەشێکە لەو پڕۆژە داڕێژراوانەی کە بە ئامادەیی و لە لایەن داڕێژەرانی جیهانی ئاژاوەوە دەفرۆشرێنەوە و لە دوای تاقیکردنەوە، دەکردرێنەوە بە نرخی باڵا.... .. لە ناو ئێرانیشدا و داخەکەم، لە سایەی شۆڕشی شووم و دەوڵەتی بووم و هەروەها لە مەر نەبوونی پاڵپشتی قورسو قایم و سەنگین وگران و لەواقیعدا لە مەر بێکەسی، چی فرت و فێڵ و نهێنی تیـرۆرە، بە تاک و بە کۆ و بە کۆمەڵ و گروپ و حیزبی سیاسییەوە و.... . ، سەرەتا لە کوردستانی لە چەند لاوە دیل و ئەسیر و بەندی ئەزموونی ڕەش و تاقیکاری و.... ... تاقی دەکرێنەوە. بەو هەمووە رزالەتەی دەسەلاتیشەوە، با هەموولایەکیش ئەو ڕاستییەیەیان لە بیر نەچێتەوە کە خەڵک بەو بارە قورس و سەنگین و گرانەیشەوە، هێشتەکەیش چەند هەنگاو لە پێش شۆڕشەوەن.

2006. 05. 29 نۆروێژ ــ ئۆسلۆ

mohammed_karimi@hotmail. com